# حەشدی شەعبی پابەندبوونی بە ڕاسپاردەکانی فەرماندەی گشتی دووپات دەکاتەوە



دەستەی حەشدی شەعبی، ئەمڕۆ پێنجشەممە، ناڕازایەتی و سەرکۆنەی خۆی بۆ ئەو هێرشانە دەربڕی کە کرانە سەر بارەگا فەرمییەکانی.

دەستەکە لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، ڕایگەیاندووە: دەستەی حەشدی شەعبی بە تووندترین شێوە دەتکردنەوەو سەرکۆنەی تووندی خۆی بۆ ئەو هێرشە ئاسمانییە نادادپەروەرانە دەدگەیەنێت کە کرانە سەر بارەگا فەرمییەکانی لە ژمارێیەک پارێزگای عێراقدا، کە لەلایەن فڕۆکە ئەمریکییەکانەوە ئەنجامدراون، ئەمەش بە دەستدرێژییەکی ئاشکرا و پێشێلکارییەکی مەترسیداری سەروەریی عێراق و بێزاندنی هووڵی دامەزراوە ئەمنییە فەرمییەکانی دادەنرێت.

ئاماژەی بۆش کرد کە ئەم هێرشانە بارەگاکانی حەشدی شەعبیان لە پارێزگاکانی دیالە، کەرکووک، ئەنبار، نەینەوا، سەڵاحەدین، واست و بابل گرتووەتەوە، کە بارەگای فەرمین و لە چوارچێوەی سیستەمی ئەمنیی عێراق و بە هەماهەنگی تەواو لەگەڵ فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکاندا کار دەکەن.

دەستکە ووتیکردوە کە کەی گشتی لەدانکان گیشتووتە (٣٢) لەدانی ئاسمانی، و ئەم هەرشانە لە سەرتای ئەم مانگەوە تا ئێستا بووتە هۆی شەهیدبوونی (٢٧) موجاهید و بریندارببوونی (٥٠) کەسی تر لە ھێرشکانی حەشدی شەعبی کە خەریکی ئەرکی نیشتمانیی خۆیان بوون لە بەرگریکردن لە عێراق و ئاسایش و سەقامگیریەکەی، کە لە نێویاندا (٩) شەهید و (١٠) بریندار تەنها لە هەرشە ئاسمانییەکانی ئەمڕۆدا بوون.

جەختیشی کردەوە کە ئەم بارگایانە هیچ ھێرشکیان لە بنکەئامانجگرتنی بنکە ئەمریکییەکان لە ناوەوە یان دەرەوەی عێراق نەبووە، و ئەوانەی شەهید بوون موجاهیدی بەتاوان بوون کە ئەرکە فەرمییەکانی خۆیان جێبەجێ دەکرد، و هەندکیان لەسەر سنوورەکان جێگیر بوون بۆ پاراستنی سەروەری و ئاسایشی عێراق.

هەروەها وتی: دەستەی حەشدی شەعبی، وەک بەشکی سەرکی لە سیستەمی ئەمنیی دەوڵەتی عێراق، پابەندبوونی تەواوی خۆی بە ڕێنماییەکانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان دوپات دەکاتەوە، و بە هەماهەنگی ڕاستەوخۆ و بەردەوام لەگەڵ فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان لە جێبەجێکردنی هەموو ئەرکە ئەمنی و سەربازییەکانیدا کار دەکات.

ئاماژەی بۆش کرد کە بەرامبەر بەم هەرشە مەترسیدارانە، داوا لە هەموو هێزە سیاسییەکان دەکەین هەوڵەستکی نیشتمانیی توند و ڕوونکاری هەبێت بگرنەبەر بۆ ڕاگرتنی ئەم هەرشە دووبارەبووانەی سەر هێزە ئەمنییە قارەمانەکانمان، کە زیانکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەروەریی وڵات و شکۆی هێزە ئەمنییەکانی.

لە کۆتایدا دەستکە جەختی کردەوە کە خوێنی شەهیدان بۆ فیڵ ناچێت و ئەم هەرشانە نابنە ڕێگر لەوەی ھێزەکانی حەشدی شەعبی بەردەوام بن لە جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتمانی و دەستوورییەکانیان بۆ پاراستنی عێراق و گەلەکەی. ھێزەکانی حەشدی شەعبی وەک قەڵایەکی پتەو و بەربەستکی چەسپاو دەمێنێتەوە بەرامبەر تیرۆر و هەر کەسێک هەوڵی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری و سەروەریی عێراق بدات. شکۆ و نەمری بۆ شەهیدە سەربەرزەکانمان، چاکبوونەوەی خێرا بۆ بریندارەکان، و شکۆ و سەروەری بۆ عێراق و گەلەکەی